ســۆران و سمکۆی شکاک و شێخ محمود و هەموو میرنشــینەکانی کوردســـتان و چەکهەڵگرانی ئەو دواییـــەی خۆمـــان بکـــەم دەبێ کتێبکتـــان بۆ بنووســـمەوە، من تەنیا باسی گەندەڵی حوکمڕانانی شــێخ مەحمودتان بــۆ دەکەم لە دوو دەقـــی چیرۆکـــی کۆنـــدا کە یەکەمیان بـــە ناوی (لە خەوما)ی جەمیـــل ســـائیب و دووەمیـــان بـــە ناوی (مەســـەلەی ویـــژدان —یا چـــۆن بووم بـــە خانەدان)ی ئەحمەد موختار جـــاف. هەردوو لە حوکمەکەی دەدەن. یەکەم: لە خەوما، لە چیرۆکەکەدا هاتووە کە خەوبینەر لـــە ناوچەیەک دەچێتە ناوچەیەکی تر بۆ کار و کاســـبی، لە رێگا تووشی زۆر چەرمەسەری و گیروگرفت دەبێت، ئەوەش بەڵاو دزی و رێگری و جەردەیی و بەرتیل وەرگرتن لە سایەی حوکمی شێخدا لەسەر زمانی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەڵێ: منیش لە دڵی خۆمدا گۆتم ئیشـــی ئێرە وا دیـــارە هەمووی عیبارەتە لە خەڵـــک رووتاندنەوە و شـــتی باش و قیمەتی ئەمرۆ بە زەوت کردن و بە بەرتیل دەکرێ، هەتیو و مەتیو لەســـەر ئیشی زل و گەورە دانانە. دووەم: مەسەلەی ویژدان— یان چۆن بووم بەخانەدان، بە هەمان شـــێوەی چیرۆکی پێش خۆی باس لە پاڵەوانی چیرۆکەکە کە نـــاوی (زۆراب)ە دەکا کە چۆن بێ بـــاوک و دایک گەورە بووە، و ئـــەو هەمـــوو دزی و راو و رووت و بەرتیلخواردنـــە و خوار وخێچی کۆمەڵگا و دەسەڵاتداران دەبینی،

لە پێشـــا خۆی لەم بارودۆخە بە دوور گرتوە، ویستویەتی لە رێگەی شەرعییەوە نانی بژێوی خۆی پەیدا کات، بـــەڵام بۆی دەرکەوت ئەگەر ئەویش وەک ئەوان دەست بە دزی کردن و خوار وخێچی بکا ئەوا زوو بە زوو ژیانی دەگۆڕی، ئەوەش لەوە بۆی دەرکەوت کە لەســـەر (خەت) ناخۆشـــی خرایە زیندانەوە دوایی بـــە بەریتل ناوبانگـــی دەکرد کە باشترین خەت خۆشە.دوایی ئیتر گـــەورە بووە تا بوو بە ســـەرۆک قەزا، و بوو بە خانەدان. یەکێکیان پرسی: ئەی ئەو هەموو شۆڕشانەی کورد هەر لە شۆڕشـــەکەی شێخ عبیداللـــە وە تاکو ئەوەی خۆمان، نەتوانرا خۆمان لە بەرتیل خواردن و دەستتێوەردانی ئیشوکار و خزم خزمانی و خـــوار وخێچی دەرباز کەین، چەند ئەو شـــتانە هەمووی کراون، سەرباری دەستدرێژ کردنە سەر نامووسی کچ و ژنی ئەوانەی دالدەیان دەدان و خواردنی خۆیان پێشکەشی دەکردن. و بار وبوویان دەکردن. نەیانتوانی تاکو ئێستاش گەندەڵـــی بـــە هەمـــوو جۆرێک و رەنگێکیـــەوە راوەدوو بنێـــن. ئەویتریان وەڵامی دایەوە و گوتی: برایـــە رەنگە هەندێکتان لێم زویر بن و بتۆرێن، بـــەڵام تووڕەش بن هەر دەیڵێم: بڕوا بکەن تاکو ئێستا شۆڕش لە کوردستان رووی نەداوە، ئەوەی رووشیداوە و ناومان لێناون شـــۆرش یاخیبوون و بزووتنەوەی یا دەرەبەگەکان یا پیاوانی ئایینی بووە، یا یەک لەو سەرکردانە هەر دوو لایەنی هەبووە، هەم دەرەبەگ،

هەم ئایینپەروەر. هیچیان شۆڕش نەبوونە شۆڕش واتای گۆڕانکاری بنەرەتییە لـــە پێکهاتەی کۆمەڵگا مرۆڤی نۆی دروستکردنە، سێ ژن هێنان و خانوو دروستکردن و سوار چاکی نییە، تەنانەت میرنیشـــینە کوردیەکانیش هەر بۆ دەسەڵات و فراوانکردنی دەسەڵات بوە و هیچی تر. لەم قسانە دابووین کە بینیمان تەلەفزیۆن درامای (گەردەلوول)ی پیشان دەدا (ئەلقەی ٧ لە بەشی دوو) لەو ئەڵقەیە خۆنیشـــاندانی قوتابیەکان بوو، کچێک و کوڕێک کـــوژران، پیرەژنێـــک دەگریێ و پرچی خۆی دەرنییـــەوە، یەکێک لـــە ئێمە گوتـــی: پیـــرەژن بۆچ هەرا و هۆریـــا دەکەی، پرچت بۆ دەرنییەوە؟بـــۆ هەلهەلە لێنادەی، ئێمە وامانزانـــی لە بەرئەوەی ئەو دووە لەرێـــی کوردایەتی شـــەهید بووە، بۆ ئەوەیەتی دایکە شانازی بـــە منداڵەکانییەوە بـــکا. کەچی درێژەی دایە قســـەکەی و گوتی: بەیانـــی، دووبەیانـــی حکومەتی هەرێمـــە (٢٥٠٠٠٠) دینـــاری بـــۆ دەبڕێتەوە، بەناوی شـــەهیدانە جا هەر بیخۆ و تـــەواو نابێ دەتوانی بەسەرردەرۆجیرانانیش بیبەشیەوە، بەشـــی گەرەکیش دەکا. لەوانەیە ئەنـــدام پەرلەمانـــەکان ببینن و داوای قـــەرزی لێبکەن، باشـــبوو بارودۆخەکە زۆرتـــر نەبوو، کە لە دەرگا درا و دوو کەسی بیانی (لە ئێمەنا) وەژوور کەوتن و دانیشتن وماڵیان ئاوا بێ بوونە هۆی هێور بوونەوە و گۆڕینی قسەکانمان.